# حکومەتی بێکارەبا و کارەبای بێحکومەت

"زیرەك عەبدوڵڵا"

کارەبا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیەی کەوا لە ساتی دروستبوونیدا چیدی شوێنکاتەکانی تاریکی قبوولْ ناکات، بەو واتایەی شۆڕشێکی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا هێنا، ئەو ساتانەی کە تاریکی هەوڵیدەدا مرۆڤەکان لێکدابڕێت، ئەوا کارەبا وەریگرتەوە و نەیهێشت چیدی تیایاندا ئەو دابڕانە کۆمەڵایەتیانە بەرجەستە بێت، بەم پێیە دەتوانین لەشوێنێکدا کارەبا بەو ئامرازە پێکگەیەنەرە بناسین کە مرۆڤەکان لەسەر یەك سفرەدا کۆدەکات، لەمبارەیەوە ئەوەی ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی دونیا ببێتە گوندێکی بچووك کارەبایە، ئەستەمیشە بێکارەبا ئەمە بەئەنجام بگات.

کارەبا نەوەکو هەر ڕۆڵی ئامرازێکی گەیەنەر دەگێڕێت، بەڵکو ڕۆڵی گێڕەرەوەی کاتی لەدەستچووش دەگەیەنێت، بەمەش دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی کاتی کارکردن و چالاکیکردنی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ، کەواتە کارەبا ئەو کاتانە دەگێڕیتەوە کە تیایاندا چالاکی کۆمەڵایەتی بەرەو لاوازبوون دەڕوات.

جگە لەم دوو سوودەی لەپێشەوە ئاماژەم بۆکرد کارەبا لەسەر ئاستیتر سوودی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای هیومانی هەیە، ڕەنگە ئاشناکردنی دونیای دەوروبەری مرۆڤە بە مرۆڤ خۆی یەکێك لە سوودە دیارەکان، بەهۆی سوودەکانیەوە دەشێت کارەبا لە شوێنێکدا پێوەرێك بێت بۆ پێوانی شارستانیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، واتا بەهۆیەوە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەك دیاری بکرێت، لەمەشدا دەتوانرێت ئاستی سیستەمی بەڕێوەبردنی ولات دیاری بکرێت، واتا بەهۆی کارەباوە دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی کە سیستەمی ئیداری ئەو ولاتە چەند خزمەتی ئەو ولاتە دەکات، لەمەشەوە چەند لە خەمی هاولاتیاندایە و کاری بۆ کردوون، کارەبا ئەگەر ئەو سوودە جۆراوجۆرانەی هەبێت کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد، لە هەمانکاتیشدا ئامادەیی نەبێت، ئەوە مانای مرۆڤەکان لەو سوودانە بێبەش دەبن، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیاجیا دەرەنجامی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە هەم لەسەر تاك و هەمیش کۆمەڵگا، چونکە وەکودەزانریت هەموو سیستەمەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێدراون، ناتەواوی لەهەر یەکێکیاندا کار دەکاتە سەر ئەوانیتریش، دواجار ژیانی ئەو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە ناچێت.

نەبوونی کارەبا لەهەر کۆمەڵگایەك ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیستەمی ئیداری لەو کۆمەڵگایە سیستەمێکی ناڕێکخراو نا تۆکمەیە، کورتبینە و بەبێ پلان کار دەکات.

لە ئەزموونەوە دەرکەوتووە لە دوای ڕاپەڕینەوە سیستەمی ڕووناکی لە کۆمەڵگای ئێمە لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، بەمەش دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئیدارەکردنی ولاتی ئێمە زۆر لاواز بووە، بەپێی پلان بەڕێوە نەچووە، کادیرە ئیداریەکانیش خەمساردبوون لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا. خەمساردی لە نەبوونی کارەبا، خەمساردیە لە خزمەتکردنی هاولاتیان، ئەوەش واتا خەمساردی کادیرەکانی ئیدارەکردنی کۆمەڵگایە لە گێڕانی ڕۆڵەکانیان. بەڵێ ئیداریەکانی ئەو ولاتە خەمساردن و گوێیان بەگرنگترین زەرورەتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای خۆیان نەداوە، ئەوەش ئەگەر ئێستا لەبەر هەرهۆیەك بچێتە سەر و بێدەنگی لەبەرامبەر بکرێت، ئەوا دواجار مێژوویێك هەیە و حوکمی خۆی لەوبارەیەوە دەدات، هەروەك چۆن ئێستا بەشێکی زۆری ئەو ئیداریانە بە حوکمەکانی مێژوو پشت ئەستوورن و وەکو منەتێك بەو خەڵکەی دەفرۆشنەوە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر ڕەخنەیەك و دەربڕینی هەر ناڕەزایەتیەك لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بەڕوویاندا دەدەنەوە.

ئەگەر ئەو ئیداریانە لە ئێستادا ئەوەندە پشت ئەستوورن بەحوکمی مێژوو، ئەوە دەبێت بزانن، مێژوو هەمیشە بەیەك ئاراستە و لەبەرژەوەندی یەك گرووپ نایبنووسێت، خۆ چیدی باوی ئەوەش نەماوە مێژووی خۆمان لە زاری گەریدەیەکی ڕۆژهەلاتناسی ببیستن کە بێگومان قەلەمەکانیان بەدەر نەبووە لە کاریگەری ئەو خواردن و ڕابواردن و یارمەتیدانەی نێو دیوەخانی ئەوسای میر و بەگزادە و سەرۆکی خێلەکان، بەڵکو خۆمان ئێستا دەبینین و هەرخۆشمان

بە ڕاستگۆیی و بێلایەنی دەینوسین و دەیگێڕینەوە بۆ نەوەکان، کەواتە با چیتر لەو خەوە بە ئاگابێن کە لاپەرەکانی مێــژوو هەمیــشە گــەورەکان و بــەهێزەکان و دەســەلاَتداران دەینووســنەوە. مێــژووش چــیتر ئامرازێــك نابێــت بــۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ.

بەهەر حاڵ ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئیداریەکانی کۆمەڵگای ئێمە هێندەی لە خەمی شتێکن لە دەرەوەی خزمەتی کۆمەڵگادا، ئەوەندە لە خزمەتی کۆمەڵگادا نین، ئەوەی ئەو ڕاستیەش دەسەلمێنێت سیستەمی ڕووناکی و کارەبای ئەو ولاَتەیە، ئەوە وایکردووە ئێمە بەدرێژایی (15) ساڵی دوای راپەڕین حکومەتمان هەبێت بێکارەبا، بێڕووناکی. ئەوەیە حکومەتی بێکارەبا کە بەشی یەکەمی ناونیشانی ئەو وتارەیە، بەلاَم هەرچی بەشی دووەمی وتارەکەیە "کارەبای بێحکومەت" مەبەست لێیەوە ئەو کارەبایانە کە بەهۆی مۆلیدەکانەوە لەڕێگای سیستەمی ئەمپێری لە گەڕەکەکانەوە دابەشدەکرێت بەسەر خەڵکدا.

ئەگەر سەرنج بدەین لەو پرسە دەبینین هێندەی بێماف لەلایەن ئەو خاوەن مۆلیدانە لە بەرامبەر خەڵك دەکرێت، مەگەر تەنها دەسەلاَتی کوردی ئەو بێمافیانە لەبەرامبەر هاولاَتیانی بکات، کەس نازانێت بەپێی چ سیستەمێك و چ یاسایەك ئەو کارەبایە دابەش دەکرێت، چەندین کێشەو گرفت لەمبارەیەوە هەیە، خاوەنی مۆلیدەیەك کارەبا کەم دەدات، یەکێك کرێی کارەبا زیاد دەکات، یەکێك بەهەوەسی خۆی لەناوەڕاستی کاتی بەخشینی کارەبا یاری بە سرکێتی کارەبا دەکات، یەکێك.. یەکێك...هتد، ڕەنگە لێپرسراوانی ئەو شارە بڵێن ئێمە کۆمەڵێك یاسا و ڕێوشوێنمان داناوە بۆ ئەم پرسە، بەلاَم لەراستیدا یەکێك لەکێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە زەمەنی ئەو یاسایانەی دەردەچێت لەبەرامبەر پرسێکی دیاریکراو زۆر بڕ ناکات، جگە لەمەش بەهیچ شێوەیەك بەدواداچون نییە، وەرن بەیەکەوە سەردانی ئەو گەڕەکانە بکەین کە مۆلیدەی تیادایە، بزانین چەندن ئەو خاوەن مۆلیدانەی ئەو یاسایانەی دانراون جێبەجێ دەکەن، بێگومان ئەگەر پەیڕەویش بکرێن ئەوا زۆر کەمن. ئەو بەدوادانەچوونە وایکردووە هەر خاوەن مۆلیدەیەك بۆ خۆی حکومەتێك بێت، ئەوەش دیسان خەلەلێکی حکومەتی هەرێمە، چونکە ناکرێت لەنێو یەك حکومەتدا چەندین حکومەت هەبێت، لەنێو یەك دەسەلاَتی بەڕێوەبردندا چەندین دەسەلاَت هەبێت.